نقورچەکەی کوێخا..!

1ـ دادگای بەستەزمان

دەڵێن کاتێ دادگا بووە کارتۆنێک و کەووتە بەر گەمەو لەزین لەلایەن هەندێ ملهووڕی نەزانەوە، لە نێو هەژموونی دەستەلاتداو بەجۆرێک سووکایەتی بە بڕیارەکانیەوە کرا، ئەوا بێشک هەرچی ڕێساو نەریت و یاسا هەیە لەتەک ئەو کۆمەڵگایەو خەڵکانیدا هەیە دەکەوونە بەر ڕەحمەتی حوکمی قەشمەرییات و تەڕاتێنی یاساکانی جەنگەڵ نشینەوە.. هەروەک چۆن چۆنی ماوەیەک لەمەوبەر بە پووچکردنەوەی بڕیارەکەی دادگای هەولێرەوە گۆهدار بووین لەدژ تۆمەتەکانی نووسەرێکی دەمشڕو کرێگرتەی زارپیسی وەک حەمە سەهید حەسەنەوە لەلایەن خۆتێهەڵقورتانی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆکی وەزیرانی حکومەتە دیموکراس بەتاڵەکەی پارتییەوە بە دەرباز بوون و سەرفرازیبوونی لە لێپێچینەوەو سزادانی لەو کەوچ و لەوچانەی نواندبوونی بە قەڵەمە چەورکراوەکەی لە هەمبەر بەڕێز (عەبدولاّ ئاگرین)ەوە کردبووی پێشتر ..ئەم ڕاگرتن و بەتاڵبوونەوەی دەستەلاّتەی بڕیاری دادگای هەولێر لەلایەن خودی سەرۆک وەزیرانەوە هیچ شتێک نیە بێجگە لە کەڵەگایی و زەنگی قەرەقۆشی و تۆقاندنی دەنگی ئازادی و قوربانیدانی کۆمەڵگای کوردی لە سەرەتاکانی هەزارەی سێهەمی ژیانی مرۆڤایەتیدا ، کەئەمەش ڕاستەوخۆ پابەندو قۆرخکردنی ولاّتێکە تەژیی لە نوقمی گێژاوی بەربەرییەت بە داکوتینی ڕەگ و پەخشبوونی هەناسەی قێزەوەزنی دیکتاتۆرییەت لە مالوێرانی ئاییندەیەکی تەڵخ و بە گومان کە ئاکامەکەی لە داڕووخان و هەپروونبوونی لە گەندەڵییەکانی ڕژێمی بەعسی ئەفلەقی شکۆدارتر نەبێت ..دەسا ئەوا منیش بە چڕنووکەکەی کوێخام با هەنووکە زریکە لەدادگا کارتۆنییەکەی هەولێرو سەرۆکی حکومەتەکەی و قەڵەمە دۆڕاوەکەی ئەو کوورتەبالاّیە هەڵسێنم کە عەیامێ بە قرووسکە قرووسکی پەیامە گلاّوەکەی گەمژەکانی هاوچەشنی خۆی پێلەخشتەدەبرد ..

خەلاّت .